**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار کراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ژمارە (20)ی رۆژی (2008/12/1) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(17 )ی ساڵی / 2008
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(17)ی ساڵی 2006
## یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەیەك بەزنجیرەی(نۆیەم) دەخرێتە سەر ماددەی(سێیەم) لە یاساکەدا بەم جۆرەی خوارەوە: ـ

نۆیەم: پشتگیری کردن لە پرۆسەی چاکسازی و بەرەنگار بوونەوەی گەندەلی.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی یەکەم/ 3 لە (ماددەی چوارەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئەندام بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یان ئەندام بوو بێت لە (کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتی عیراق) پاش رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی 2003.

**ماددەی سێیەم: ( ماددەیەکی نوێ و زیاد کراو)**

لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایە دەستەواژەی(دەستەی ئیداری ) هاتبێت دەکرێتە (دەستەی بالاّ).

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** پێشەکی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی هەر دوو ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی یان نوێنەرەکانیان کۆبونەوەیەکی فراوان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە: ـ

دووەم: بڕگەی یەکەمی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

هەڵبژاردنی دەستەی باڵای یەکێتی بەدەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان کە پێك دێت لە (9) نۆ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەك.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.

**محمد قادر عبداللە**
**(د.کمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق/ بەوەکالەت**

## هۆکارەکانی دەرچوواندنی

لە پێناو پاڵپشتی کردنی چاکسازی و سەر لە نوێ رێکخستنەوەی پەیکەری کارگێریی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە شێوەیەك لەگەڵ ئامانج و ئەرکەکانیدا بگونجێت و بۆ دەوڵەمەند کردنی یاساکەو بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (28) ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا